وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: 43**
**رۆژی دەرهێنان: 2004/10/13**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (50)ی رۆژی (2004/10/12)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(43)ی ساڵی 2004**

**ماددەی یەکەم:**

وەستاندنی سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (144)ی یاسای ژمارە(111)ی هەموارکراوی ساڵی(1969)ی سزاکاندا هاتووە، جەریمەکانی دژ بە ئافرەتی بەشوو ناگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عیراق**